لەم ژمارەیەدا

ل٣ کورد لە پەڕاوێزی راپۆرتەکەی بێکەر- هاملتن دا

ل٤ قەرەبووی زیانلێکەوتووانی ٢٥ دیناری سویسری ئەکرێتەوە

ل٥ بەرەی تورکمانی چاوگی ئاژاوەیە

ل٦ جیابوونەوەی خێزان لە رەوەندی کورد لە ئەورووپادا


## ٪ دروست بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ لە بەرژەوەندی جیهاندایە

پیتەر گالبرەیس سیاسەتوانی ناسراوو بالیۆزی پێشووی وڵاتی ئەمریکا لە کرواتیا، لە دیمانەی رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسیدا رایگەیاندووە کە هۆکاری توندو تیژیەکانی نێو عێراق دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی پێکهاتەکانی عێراق ، بۆ کۆتاییهاتن بەو توندو تیژیانە دەبێ عێراق بۆ سێ هەرێمی ( کورد ، سوننە ، شیعە ) دابەش بکرێ، سەرەنجام دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی لێوەبەرهەم دێ ، راستە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان کاریگەری لەسەر تورکیا دەبێ، چونکە بە ملیۆنان کورد لەوێ دەژین ، بەڵام دیسانیشەوە لە بەرژەوەندی تورکیا دایە ، پێوەندیە ئابووریەکانی وڵاتی تورکیا دەگەشێنێتەوە ، بەمەش دەبێتە پردی نێوان ئێران و تورکیا و عێراق ، ئەمەش لەبەرژەوەندی جیهان دایە .


# رۆژی گەل
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٦٤) یەکشەممە ٢٠٠٦/١٢/٢٤


# بەتاوانی بەشداریکردن لەشاڵاوی ئەنفال دا، داوا لەدژی وەفیق سامەڕایی تۆمار دەکرێ



ناوەندی هەڵەبجەدژ بەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد( چاک ) لەرێگەی دادگەی هەولێرەوەداوایەکی یاسایی لەدژی وەفیق سامەڕایی گەورەبەرپرسی پێشووی دەزگای هەواڵگری رژێمی بەعس و راوێژکاری ئێستای سەرکۆماری عێراق تۆمار کردووە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ناوەندی چاک، پارێزەر( گۆڤەند ئاکرەیی ) راسپاردووەتابۆ ئەم مەبەستەهەنگاو هەڵبگرێتەوەو بەدواداچوون بکات.

ناوەندی چاک لەسەر دانپیانانەکانی سوڵتان هاشم، وەزیری پێشووی بەرگری رژێمی بەعس کەوەفیق سامەڕایی بەنەخشەدارێژەری سەرەکی کارەساتی ئەنفال دانابوو، لەرۆژی ٦-١٢-٢٠٠٦ داوای لەدژی وەفیق سامەڕایی تۆمار کردووەو دەخوازێ لەشاری هەولێردا دادگەیی بکرێ.

سوڵتان هاشم لەدادگەی تایبەتی بەدۆسیەی ئەنفال کەلەگەڵ ٦ کەسی دیکەدا بەتۆمەتی بەشداریکردن و بەڕێوەبردنی شاڵاوی ئەنفال دژ بەخەڵکی سڤیلی کوردستان تۆمەتبارکراوەو دادگەیی دەکرێ، رایگەیاندووەکەوەفیق سامەڕایی نەخشەی شاڵاوی ئەنفالی دارشتووە. بەو هۆیەوەکوردستانیان دەخوازن کەوەفیق سامەڕایی پەلکێشی دادگەبکرێ و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێ و دادگەیی بکرێ .

شیاوی باسەماوەیەک لەمەبەر تاوانبار حوسێن رەشید تکریتی لەبەردەم هەمان دادگەدا ئاشکری کردبوو کەوەفیق سامەڕایی نەخشەدارێژەری سەرەکی کارەساتەکانی ئەنفالە، بەڵام وەفیق سامەڕایی ئەو تۆمەتانەرەتدەکاتەوەو رایدەگەیەنێ کەپێوەندی بەشاڵاوی ئەنفال، جینۆسایدی گەلی کوردستان و فرۆشتنی کچەکوردەکان نەبووە.

ئەوەی شیاوی باسەتا ئێستا دەیان کەس لەگەورەبەرپرسانی سەربازی سوپای عێراق ئامادەن لەپێوەندی کارەساتی ئەنفال و قرکردنی کورداندا گەواهی لەدژی وەفیق سامەڕایی، بدەن.

## سەرۆکی کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو سۆراخی هەژدە کچە فرۆشراوەکە لەموبارەک دەکات



رۆژی ١٠-١٢-٢٠٠٦ تیلمان زولیش سەرۆکی کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو لەپێوەندی ١٨ کچە کوردە ئەنفالکراوەکەی کە بەمیسر فرۆشراون، نامەیەکی بۆ سۆزان موبارەک، هاوسەری سەرکۆماری میسر رەوانە کردووەو داوای لێکردووە کە بەپەلە سۆراخی ئەو ١٨ کچە کوردە فرۆشراوە بکات و بیانپارێزێ. لەنامەکەدا هاتووە: ( بەرێز موبارەک! تکایەئەو ١٨ ژنەکوردەی کەساڵی ١٩٨٨ بەمیسر فرۆشراون، بپارێزە !).

ئەوەی شیاوی باسە تیلمان زولیش وێنەیەکی لەنامەکەبۆ دەیان سیاسەتمەداری ناودارو کەسایەتی جیهانی، لەوانە هێنری کیسینجەر، وەرگری خەڵاتی نۆبێل و وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا، هانس دیتریش وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەڵمانیا، لۆرد جەمیس دۆگلاس ئەندامانی لۆردانی سکۆتلاند و رەوانە کردووەو داوای لێکردوون کەلەو مەسەلەیەدا هاوکاریان لەگەڵدا بکەن و لەرێگەی خۆیانەوە داوا لەحکومەتی میسر بکەن تا چارەنووسی ئەو ١٨ کچە فرۆشراوە دیار بکات.

ئەوەی شیاوی باسە رۆژی ١٠-١٢-٢٠٠٦ لەرۆژی بەرێوەچوونی دابەشکردنی خەڵاتی ((رۆینەر هالد براندت) بەبۆنەی رۆژی جیهانی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤەوە، (تیلمان زولیش) بەیاوەری ئەندامێکی ناوەندی ژنانی کورد لەبەرلین چاویان بەهانز دیتریش وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەڵمانیا کەوت و لێیانخواست کەلەرێگەی خۆیەوە پێوەندی لەگەڵ باڵیۆزخانەی میسر بگرێ و لەچارەنووسی ئەو ١٨ کچەفرۆشراوە بپرسێتەوە.

## رۆژەڤ

هەموومان بە دڵێکی پڕ هیواوە پێشوازی لە ساڵی ٢٠٠٧ دەکەین و ئاواتە وەدی نەهاتووەکانمان لەسەر ئاواتەکانی ئێستاماندا کەڵەکە دەکەین و دەخوازین کە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ هەمووان پڕ بەرهەم بێ، رزگاری و بەختەوەری و وەکهەڤی لەگەڵ خۆیدا بهێنی. لە دەستپێکدا دەزانین مانگ و رۆژەکان بەختەوەری و ئاسوودەیی بەرهەم ناهێنن، بەڵکو خودی مرۆڤەکان داهێنەر و خوڵقێنەری ئەو ئاواتانەن، ئەوانیش بوێری و خۆراگری و بەرخۆدانیان لێ چاوەڕواندەکرێ.

نەتەوەی کورد لەوەتەی نیشتمانەکەی لێ داگیر و دابەشکراوە، بێ پسانەوە لەهەوڵ و تێکۆشان دابووە، ویستوویەتی و دەیەوێ رزگاری بۆ خودی خۆی و سەربەخۆییش بۆ نیشتمانەکەی بگێڕێتەوە. لەو پێناوەشدا رێگەیەکی دوورو درێژی بڕیوە، قوربانی زۆر و زەوەندی داوە، کەچی هێشتا دەستی لە لووتکەی ئاواتەکانی خۆی گیر نەبووە. بەوهۆیەشەوە لە نوێ بوونەوەی ساڵەکاندا ئاوات و خواستەکانی خۆی زیندوو کردۆتەوە، پەیمان و بەڵێنی نۆژەن کردۆتەوە.

ئەمساڵ لەنێو گێژاوی راپۆرتەکەی بێکەر - هاملتن دا سەرتۆپی کارەکانمان دەست پێ دەکەین. گەل راپۆرتەکەی رەتکردۆتەوە، لە هێزە سیاسیەکانیشی دەخوازێ کە شێلگیرانە بۆ پوچەڵ کردنەوەی دەست بەکار بن و رێگەی خۆپاراستن بدۆزنەوە.

راستیەکەی راپۆرتەکەی بێکەر- هاملتن لە لایەن خودی ئەمریکیەکانەوە بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا و سەرخستنی بەرنامەکانی حکومەتەکەی خۆیانەوە پێشنیار کراوە، نە لە دارشتنیدا پرس بە کورد کراوە، ئەگەر کورد خۆی نەخزێنێتە نێو گەڕی هاوکێشەکەوە، لە پراکتیکیشدا پرسی پێناکرێ. کەواتە گەلی کوردستان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدا راوەستاوە. بۆ ئەوەی نەخرێتە واری کردارییەوە دەبێ بە هەموو تواناو شیانی خۆیەوە تێبکۆشێ، ئەگەر لەلایەن کاربەدەستانی کۆشکی سپیەوە کاری پێکرا، دیسانەوە دەبێ توانا و شیانی خۆی بۆ ئاقارێکی دیکە تەرخان بکات.

هێشتا بەختی دەکارکردنی راپۆرتەکە دیار نییە، لێ دیسانیشەوە هەموومانی نیگەران کردووە. راپۆرتەکە کاری پێبکرێ یان نا، دوو راستیمان بۆ روون بۆتەوە:

١- گفتوگۆی نێو کۆبوونەوە و دیدارەکانی دەستەڵاتدارانی کوردستان لەگەڵ کاربەدەستانی واشنتۆن وەک هەبووە بۆ خەڵک نە گوازراونەتەوە، بۆ مەبەستی تایبەت رتوش کراون و بۆ دەستکەوتی حزبی قۆرخ کراون.

٢- ئەمریکا هەر وڵاتە زلهێزو بەرژەوەندخواز و ملهوڕەکەی جارانە، وێڕای ئەوەی تەکانەیی بەدەستهێناوە، لێ وەکو جاران بۆ سەرخستنی سیاسەتەکانی خۆی و بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندەکانی خۆی تێدەکۆشێ، سەوداو بازرگانی بە دۆزی گەلانی داگیرکراو بندەستەوە دەکات، بە ئامانجی مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان کە بانگەشەی بۆ دەکات، رەفتار ناکات.

ئیدی لەمەوبەدوا دەبێ گەلی کوردستان بە پارێزەوە لە رووداوەکان بڕوانێ، خۆشباوەڕانە چارەنووسی خۆی لە چنگ بەرژەوەندخوازان دانەنێ. هەم ریزەکانی خۆی پتەوو یەکگرتوو بکات، هەم ستراتیژی خۆی کە رزگاری و سەربەخۆییە بۆ جیهانیان خۆیا بکات. گەلی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی ئەوەیان بۆ ماوەتەوە:

١- ئەگەر راپۆرتەکە پوچەڵکرایەوە، دەبێ لێبڕاوانە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بۆ ئاسایی کردنەوەی رەوشی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە و بۆ گێڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەستبەکار بێ.

٢- ئەگەر پێشنیار و راسپاردەکانی راپۆرتەکە جێگەی خۆیان گرت، دەبێ گەلی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی بەبێ دوو دڵی سەربەخۆیی رابگەیەنن و خۆیان بۆ هەر پێشهاتێک ئامادە بکەن.

با هەر لە ئێستاوە خۆمان بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان ئامادە بکەین. سەربەخۆیی ئاوات و ئامانجی لەمێژینەی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستانە، درەنگ یان زوو وەدەست دێ، گەلی کوردستانیش وەکو گەلانی دیکەی جیهان نیشتمانێکی رزگارکراو و قەوارەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنێ. با بە هیواوە بۆ ئەو رۆژە تێبکۆشین.

## عێراقیەکان لە ماڵی خوداش رێکناکەون



ستافی رۆژنامەی ئەلحەج ئەلعیراقیە ئامادە نەبوو کە وێنەی حاجیانی کورد لەسەر کێوی ئوحد بە ئاڵای کوردستانەوە بڵاوبکاتەوە، بەمەش نارەزایی لەنێو حاجیانی کوردستان سەریهەڵداوە داوایان کرد کەنابێ چیتر هاوکاری ئەو رۆژنامەیە بکرێ.

سەبارەت بە ناکۆکی نێوان حاجیانی کوردستان و دەستەی بەرێوبەری رۆژنامەکە، بڵاوکراوەکان نووسیان کە عێراقیەکان لە ماڵی خوداش رێکناکەون و لەگەڵ یەکتر هەڵناکەن. هەر لەو بارەیەوە مەریوان نەقشبەندی سەرۆکی راگەیاندنی حاجیانی کوردستان لە لێدوانێک بە رۆژنامەنووسانی راگەیان: ئێمە رێککەوتبووین رۆژنامە بە کوردی و عەرەبی دەربچێ، بەڵام لە ژمارەی سفرەوە ئەوان بەڵێن و رێککەوتنەکەیان شکاندو چاویان بەرایی نەدا ئاڵای کوردستان بە شەکاوەیی لەسەر شوێنە پیرۆزەکانی سعودیە ببینن، نەیانتوانی ئەمانەتی رۆژنامەوانی بپارێزن.

هەر لەم پێوەندەدا نوێنەرانی حاجیانی کوردستان یاداشتێکیان بۆ لیژنەی باڵای حەجی عێراقی بەرزکردۆتەوە و وێنەیەکیشیان داوەتە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، هەروەها داوایان لە کاربەدەستانی کورد لە بەغداد کرد کە لەو رەفتارە بێدەنگ نەبن، هەروەها حاجیانی کوردستان بڕیاریانداوە بە تەنها کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.

## ساڵیادی کۆچی دوایی مەلیکی کوردستان دەکرێتەوە



کاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی رۆژی ٢٣-١٢-٢٠٠٦ لەژێرچاودێری و بە ئامادەبوونی رێزدار سەرۆک تاڵەبانی، سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ و عەدنان موفتی ، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەداران و رۆشنبیرانی کوردستان رێورەسمی پەنجایەمین ساڵیادی ماڵئاوایی شێخ مەحمودی حەفید ، یەکەمی پادشای کوردستان لە هۆڵی مەڵبەندی رۆشنبیری زانکۆی سلێمانی دەستپێکرد کە ئەمە یەکەمین جارە ئاوا بەشکۆوە ساڵیادی ماڵئاوایی یەکەمین مەلیکی کوردستان لە کۆرێکی رێزلێناندا لە شارەکەی خۆیدا دەکرێتەوە .

ئەوەی شیاوی باسە هەر بەو بۆنەیەوە پەردە لەسەر پەیکەرێکی شێخی نەمر کە لە پارکی شێخ مەحمودی شاری سلێمانیدا دروست کراوە ، لادرا . هەر بەو بۆنەیەشەوە پێشانگەیەکی کتێب لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانی بەرێوەچوو .

مەلیک مەحموود ، یەکەمین کەس بوو لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی بانگی سەربەخۆیی باشووری کوردستانی داو بەفەرمی خۆی وەک یەکەمین شای کوردستان ناساند، بەڵام هێزی داگیرکەری ئینگلیز قەڵەمرەوەکەی لێداگیر کرد، بە زۆرەکی باشووری کوردستانی بە عێراقی عەرەبیەوە لکاند کە تا ئەمرۆکەش سەربەخۆی وەرنەگرتۆتەوە .



بەبێ دەستکاری لە رۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت وەرگیراوە